# داگیرکردنەوەی ئەمجارەی باشوری کوردستان لە ئەستۆی کێدایە

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی هەموو میللەتێکی ژێردەستە خەبات دەکات لە پێناو وەدیهێنانی دەسکەوتی نیشتمانی و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ و پەیڕەو کردنی بیروباوەڕی ، ئیتر ئەو دەسکەوتە سەربەخۆیی گەل و نیشتمان بێت یان دەسکەوتی کاتی بۆ نزیکبونەوە لە ئامانجی سەرەکی میللەتەکەی.
دوا بەدوای شەڕی ڕزگاری کوێت و شۆڕشە جەماوەرییەکەی کوردستان و ڕزگارکردنی بەشی زۆری باشوری کوردستان ، گەلی کوردستان هەنگاوێکی فراوانی نا بەرەو ئامانجە سەرەکیەکەی بۆ سەربەخۆبوون و دڵسۆزانە جڵەوی بڕیاری سیاسی چارەنوسیی خستە بەردەست هێزە سیاسیەکانی کە لەو سەردەمەدا بریتی بوون لە بەرەی کوردستانی بەمەبەستی بەردەوامبون بەرەو سەربەخۆبوون.

لیرەدا ئیمە نامانەوێت بگەڕێینەوە سەر هەڵسوکەوتی ئەو هێزە سیساسیانەو چۆنیەتی سەرکوتکردنی دەنگە سەربەخۆخوازەکان و گواستنەوەی بڕیاری سیاسی کوردستانی بۆ ئەنقەرە و تاران و دمشق و هەندێ جاریش بۆ بەغدا، هەروەها ناچینە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە شەڕە دەرونیەی کە لەگەڵ گەلی کوردستاندا کرا بە دروشمی زەقی جیاجیا وەک (حوکمی زاتی ، و حوکمی زاتی ڕاستەقینە ، مافی چارەنوس و فیدرالی) و لە پراکتیکدا زاڵکردنی دەسەلاتی خێڵەکی و بنەماڵەیی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا و گەڕاندنەوەی زۆرەملی کوردستان بۆ ژێردەستی ئێراق و بەکارهێنانی داگیرکەرانی کورد وەکو هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ تۆقاندنی گەلی کوردستان بۆ سەرکوتکردنی خواست و ئامانجەکانی. باس لە شەری کورد کوژیش ناکەین کە ناوی (براکوژی لێ دەنرا) کە بووبەمایەی ماڵکاولی هەزارەها خێزانی کورد و لەبارچونی بناغەی دروستبونی قەوارە و پێناسەیەکی کوردستانی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵدا.

لێرەدا ئێمە دەمانەوێت تیشک لەسەر ئەوە بدەین کە کێشەی کوردستان کێشەی وولاتێکی داگیرکراوی دابەشکراوە سەرباری ئەوەش گەلەکەی لە ژێر تەوژمی قەلاچۆکردنی بەردەوامە لە سرینەوەی پێناسەو مێژوو و کەلتورەوە. لە سەرەتای دروستبونی ئێراق و باقی ئەو ووڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ، و باشوری کوردستان کە بە کوردستانی ئێراق یان باکوری ئێراق ناو دەبرێت ململانێی هەبووە لەگەڵ هەموو ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی ئێراقدا بە پاشایەتیەوە تاوەکو کۆماری و لەکۆتاییشدا بەعس بۆ ڕزگارکردنی خاک و گەلەکەی، واتە ڕزگارکردنی نیشتمان لەدەست داگیرکەر و سەروەری لەسەر خاکەکەی یان گرتنی جڵەوی بڕیاری چارەنوسی خۆی و شێوازی ژیانی لەگەڵ باقی گەلانی ئێراق بەتایبەت عەرەب.

هەموو ڕژێمە دوابەدواکانی ئێراق بە سیاسەتی جیاواز و چەواشەکردنی حیزبە کوردستانیەکان بە هەندێ دەسکەوتی لاوەکی توانیویانە بەشێک لە خاکی کوردستان دابڕن و ڕێژەیەکی باشیشی لێ بکوژن و سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی تۆوارتر بکەن، و هێزە سیاسیە کوردستانیەکانیش بەپێی هەلومەرج و بەرژەوەندییە کاتیەکان شەڕ و دانوستانیان لەگەڵ کردوون و لە هەندێ بواردا هەندێ دەسکەوتی لاوەکیش بەدەست هێنراوە لێرەدا ئەتوانین ڕێکەوتنی 11ی ئازاری 1970 بە گرنگترینیان دابنێین لەبەر ئەوەی بەڵگەنامەیەکی فۆرمیە لە نێوان هێزی کوردستانی و ڕژێمێکی ئێراقی، هەرچەندە ئەو ڕێککەوتننامە ڕێژەی کەمی مافەکانی کوردی تێدا وەدیهێنراوە بەڵام ئەوە دووپات کراوەتەوە کە ئەو شوێنە کوردستانیانەی کە دووبەرەکی لەسەر بوو لەژێر دەسەڵاتی هاوبەش دەبێت و چارەنوسی ئەو شوێنانە وەک کەرکوک و موسل و خانەقین و باقی شوێنەکانی تریش لە ئاییندەدا دەستنیشان دەکرێت.

شۆڕشی حیزبە کوردستانیەکان لە دوای ساڵی 1975 ەوە دروشمی ڕزگاری و مافی چارەنوسی بە خۆیەوە گرتبوو و لە پێناویدا سەدان هەزار گیانبەختی داوە و خاکەکی سوتێنراوە و بەرگری لە هەموو جۆرە هێرشێکی دڕندەیی کردووە بۆ

www.kurdistannet.org

پاراستنی پێناسەو بوونی خۆی، هەر ئەوەش بوو بە هەوێنی گرتنی جڵەوی بڕیاری شەقامی کوردستانی لەلایەن گەلەوە کە لە بەهاری 1991 یەکەم شۆڕشی هلگیرسان و توانی سیستم بگۆڕێت و بۆچوونە جیاجیاکانی کۆمەڵ پێکەوە توانیان وەڵامی کێشەو پێویستیەکاتیەکان بدەنەوە لە ڕێی بەرپابوونی شورا جیاجیاکاندا، لەهەمان کاتیشدا میللەت داوای لە ئەو هێزە سیاسیانەی کە هەڵگری دروشمی ڕزگاری و ئازادی بوون بەشداری بکەن و هەموو دەسکەوتەکانیشی پێشکەش کردن بەمەبەستی تەواوکاری نێوان حیزب و ڕێکخراو و جەماوەر بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی و دانانی بناغەی کۆمەڵگای نوێی کوردستان.

ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەک بکەین دەربارەی نەخشەی داگیرکەران و چۆنیەتی سوود وەرگرتنیان لە دۆزی کورد و بەردەوامبونیان لە داڕشتنی نەخشەی جۆراوجۆر بۆ چەسپاندنی داگیرکردنی خاک و عەقڵی کورد، بۆجێبەجێکردنی نەخشەکانیشیان جارجار هێزی دەرەکی بەکارهێنراوە و جارجاریش بکارهێنانی ئایین یان فیکری بەناو سۆشیالیستی.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و پرسیارە کە هێزی کوردی خۆی داگیرکەر بێنێتەوە و سەروەری نیشتمان و گەلی پێشکەش بکات نەک تەنها یەک داگیرکەر بەڵکو دوو داگیرکەر و لە هەمان کاتدا شانازیشی پێوە بکات و دەیەوێت قەناعەتیش بە خەڵکی کوردستان بکات کە ئەو گەلە خاوەن قوربانیە تەنها شایانی ئەوەیە و ئەبێت چەپڵەی بۆ لێ بدات.

ئێمە لێرەدا چەند پرسیار و بۆچوونێک دەخەینە ڕووی ئەو هێز و کەسایەتیانە کە شانازی بە ئێراقیبوونی خۆیانەوە دەکەن، و بەردەم جەماوەری کوردستان بۆ گفتوگۆ و سەرنج ڕاکێشانیان بۆ ئەو کارەساتەی کە ڕووبەڕووی گەل و نیشتمانەکەمان بووەتەوە:

1- ئایا خەباتی کورد بەرامبەر بە ڕژێمی ئێراق لە 1975 دا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئێراق بوو یان بۆ وەدیهێنانی مافی سەروەری کورد لەسەر نیشتمانەکەی و گەڕاندنەوەی کەرکوک و باقی شارە کوردییەکان بۆ باوەشی کوردستان بوو ؟
2- ئایا مافەکانی کورد لە دەستووری کاتی ئیستای ئێراق زیاتر دەستنیشان کراوە یان لە ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970. ئایا بەردەوامبونی کورد وەک هاوڵاتییەکی ژمارە دوو لە ئێراقدا و چەند پۆستێکی بێ هونەر ئەو قوربانیانەی گەلی کوردستانی ئەهێنا لە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی 182000 و سوتاندنی پتر لە 4000 گوند و شارۆچکەی کوردستان ؟
3- ئایا بەشان و باڵ هاتنی ڕۆڵی خێڵەکی و مەزهەبی و بەعسیە کۆنەکان و زاڵبونیان بەسەر بڕیاری سیاسی لە ئێراقدا ، لە هەمان کاتیشدا چەخت کردنەوە لەسەر بە دیموکراسیزە کرنی ئێراق دووبەرەکیەکی فیکری و پراکتیکی بەرپا ناکات لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دابینکردنی مافی تاک لە کۆمەڵدا ؟
4- هەموو کەسێک دەزانێت کە سەرەک خێڵ خاوەنی هەموو بڕیارەکانی خێڵەکەیەتی و مەزهەبیش هەر دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکانی (مەرجەعیە)ی دینیەکەی و کۆنە بەعسیەکانیش پاشماوەی دیکتاتۆریەتی گۆڕبەگۆڕی کۆنە، ئایا ئەمە چ قوتابخانەیەکی فیکری تازەیە کە توانای بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی هەیە لە سێ بۆچونی دیکتاتۆری جیاواز ؟
5- ئایا گەلی کوردستان ئەو گەلەی کە لە 1991 دڕندەترین ڕژێمی دەرپەڕاند و خاکەکەی کرد بە گۆڕستانی داگیرکەر دوور لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی حیزبە سیاسیەکانی کە لە هەندەران پشویان

www.kurdistannet.org

دابوو، توانای ئەوەی نەماوە کە جڵەوی چارەنوسی خۆی بگرێتە ئەستۆ و دژ بە هەموو چەشنە دیکتاتۆریەتێک هەڵسێت و مافەکانی خۆی دابین بکات ؟

6- ئایا ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری سەربەخۆخوازی کوردستان هەست بە مەترسی ئەو کارەساتانە ناکەن کە ڕووبەڕوی گەل و نیشتمانەکەی بووەتەوە؟ ئایا خەوتوون یان ئەترسن لە نەمانی نان و خۆشگوزەرانیان یان ڕادەی تێگەیشتنیان تەنها لە پەراوێزی ڕوداوەکان تێناپەڕێت ؟

7- ئایا شێوازی دەستنیشانکردنی چارەنوسی کەرکوک و باقی شوێنە بەعەرەب کراوەکان لە ڕێی بەرنامەی چەپەڵی سەرژمێری و مانەوەی عەرەبە هێنراوەکان نابێت بە نمونە بۆ دەستنیشانکردنی چارەنوسی هەموو شارە کوردییەکان لە ئایندەدا و دۆڕاندنی نیشتمان ؟

8- ئایا کەس و کاری قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال و دەرکراوەکان و گیانبەختانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ڕازین لە کوشتنی خەون و ئاواتی ئەو قوربانیانە و وازیان هێناوە لە تۆڵە سەندن لە هۆکاری لەدەسدانی کەس و کارو ماڵ و ژیانیان ؟

9- ئایا ئەو بەڕێزانەی کە ئیمزای دەستور و چارەنوسی کوردستانیان کرد کە هێچ کەسیشیان نوێنەری پەرلەمان یان حکومەتی کوردستانی نەبوون، شەرعیەتیان لە کێ وەرگرتووە بۆ ئەو کارە، و ئایا پەرلەمان چۆن بەڵگەیەکی یاسایی ئەدۆزێتەوە بۆ بە یاسایی کردنی کردەوەی ئەو بەڕێزانە ؟

10- ئایا هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەرەی کام لا دەگرن ئەگەر گەلی کوردستان دووبارە خەباتی ڕزگاریخوازی دژ بە ئێراقی داگیرکەر هەڵگیرساند، لێرەدا هەڵبەتە ئاشکرایە کە ئەمریکاش دژی کارێکی وا دەبێت؟ ئایا کارێکی وا هەر بەبراکوژی لەقەڵەم دەدەن یان لە گێرەشێوێنی و سەرکوتی دەکەن یان دەکەونە پێش گەل بۆ دەرکردنی داگیرکەران؟

بەڕای ئێمە بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعود و پەرلەمان و هەردوو حکومەتی کوردستان بێجکە لەو پرسیارانەی سەرەوە کێشەی ڕوونکردنەوەی زۆر کردەوە و بۆچونیان هەیە کە میللەت ئامادە نیە بازی بەسەردا بدات ئەویش بریتیە لەمانەی خوارەوە:

1- کە جێی دەسەڵات و دەرکردنی بڕیار لەدەرەوەی پەرلەمان بێت پێویستی بوونی پەرلەمان چیە.

2- بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لەسەر ناساندنی کەرکوک وەک پایتەختی کوردستان کە لەو کاتەدا سەرۆکی پەرلەمان د.ڕۆژ نوری شاوەیس بوو کە ئێستا جێگری دووەمی سەرۆکی ئێراقە و ئەبێت بەرگری لە پاراستنی ئێراقی یەکگرتوو بکات کە کەرکوک بە بەشێکی ئێراقی لێکدانەبڕاو سەیر دەکات. و چۆنیەتی دۆزینەوەی هاوکێشەیەک لە نێوان ئەو دوو کردەوە دژ بەیەکە.

3- لادان لە بڕگەی هەرە سەرەکی دەستوری کاتی ئێراق بە ڕەزامەندی ئەو بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە و دەستخۆشیکردنی هەردوو حێزبی دەسەڵاتداریش لە لادان لە یاسای مافی هاووڵاتی یەکسان بۆ هەموو ئێراقیەک و لە هەمان کاتدا ڕێگرتن لە کورد و تورکمان و باقی نەتەوەکانی تر بۆ خۆ هەڵبژاردن بۆ پۆستی جیاواز.

4- سەرژمێری کوردستان و هەموو ئێراق بۆ دابڕینی کەرکوک و موسل و باقی شارەکانی تر لە کوردستان.

www.kurdistannet.org

ئێمە وەک سەکۆی سەربەخۆی کوردستان دروسبونەوەی دەوڵەتی یەکگرتووی ئێراق بەم شێوازەی ئێستا و ئەو دەستورە کاتیە بە پێشێل کردنی مافی کورد دەزانین و مەترسی کارەساتی دیکەی وەک ئەنفال و هەڵەبجەی لێ دەکرێت، هەروەها ڕازیبون بە یاسای سەرژمێری بۆ دەستنیشانکردنی پێناسەی شاری کەرکوک و باقی شوێنە بەعەرەب کراوەکان بە چەسپاندن و شەرعیەت دان بە داگیرکردنی کوردستان دەزانین و لادانە لە ڕێبازی سەرجەم گیانبەختانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

داوا دەکەین لە سەرجەم گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی کوردستان کە هوشیارانە بەرەنگاری نەخشەی داگیرکەران بن، و ڕێگربن لە هەموو نەخشەکانیان وەک سەرژمێری بۆ دەستنیشانکردنی پێناسەی شارەکانی کوردستان، یان چەواشەکردنیان بە خەونی بەدیموکراسی کردنی ئێراق، لەبەر ئەوەی دیموکراسیەت بناغەی ئایدیۆلۆژی دەوێت و ئەوەش لە کۆمەڵگایەک بەرپا نابێت هەتاوەکو تێڕوانینی بیری نەتەوەی سەردەست و ژێردەست زاڵ بێت بەسەر هەموو کردەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا هەر وەک لە ئێراقدا هەیە.
ئێمە داوا لە بەڕێزانی سەرکردایەتی هەردوو حێزبی دەسەڵاتدار دەکەین کە ڕاستیەکان ڕوون بکەنەوە بۆ جەماوەر و باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان، و بواری گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو بۆچونە جیاوازەکان بڕەخسێنن بۆ پێکهێنانی چەترێکی کوردستانی سەربەخۆخواز، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەگەرە چارەنوس سازەکان.

لێرەدا ئێمە سەرنجی گەلی کوردستان ڕادەکێشین کە دوژمنانی کوردستان و ئازادی مرۆڤی کورد لە ئەنجامدانی تاوانێکی گەورەن دژ بە گەل و نیشتمانی کوردستان و تەنها دوو ڕێگا هەیە لەبەردەم هوشیارو ڕۆشنبیرانی کوردستان بە حیزبی و ناحیزبیەوە ئەویش ئەوەیە یان شایەتێکی ترسنۆک و بێ دەنگ بن و چاوپۆشی لەو تاوانە بکەن و بەرژەوەندیە تەسکەکانیان بپارێزن ئەوەش بەشداریبونێکی ناڕاستەوخۆی لەو تاوانە یان ئەبێت ڕۆڵی خۆیان ببینن و ڕێگر بن لەو تاوانە و هەوڵی پاراستنی گەل و نیشتمان بدەن.

**سەکۆی سەربەخۆی کوردستان**

**حوزەیرانی 2004**

www.kurdistannet.org